# (منننننن + ئەوووووو ) = ( د ا ب ە ش ب و ن )...!

**پێشکەشە بەئەو ...کەناوەختێك بەجێیهێشتم و**
**منیش ، هەرگیز کە لێی خۆشنابم ...!!**


<u>**هێمن حمە جزا**</u>


دڵم ، بەم دابەشبونە خۆشە !
دڵم ، بەم لەدایك بونە تەنگە !
پیاوێك ،
کە بەردەوام پرسیاری لەسپێتی ئەم ماڵە ئەکرد ..؟
هەمیشە من و
هەمیشەش ئەو ... تورە ئەبوین !
قەدەرم ... ئەم گوناهانە بژەنە !!
قەدەرم ...،
بەدڵی ئەوکچە سوێند بخۆ ،
کەبەبۆنی مێخەك و ڕیحانە موعتادە !
سوێند بخۆ ...
کەلەیەکەمین ئێوارەی بارانا ،
شعورم پڕئەکەیتەوە ... لەیادەوەرییەکانی ئەو !
من و ئەو ،
پێکەوە لەدایك بوین !
پێکەوە ،
لەباخێك گێلاسا ... لەو پەڕی دونیا !
پێکەوە ،
هەروەك ئەوەی بڵێی :
ئێمە ...
سەر بەتوخمی ( نور ) بین
یان ،

سەر بەرەگەزی ( با ) !
لەدایك بونی من و ئەو
تەواو بەئەندازەی ،
تێربونی چۆلەکەیەکە ... لەفڕین !
بێتاقەتی هەنارێکە ... لەتەڕی !
پڕبونی ئاسمانە ... لەشەو !
من و ئەو ...
هەرهێندەی ،
دو دڵۆپ ئاو ... لەتەنهایی و
هێندەی ،
کوژانەوەی جگەرەیەك ... لەخۆکوشتن
گەورەترین !!
ئەو ...
کاتێك گۆرانی ئەوت ،
مێرولە تێ‌ئەداو
کاتێك حیکایەتی ئەگێرایەوە ،
بارانی لێ‌ئەباری !
ئەو ... بەیادەوەریا ،
دەیسەلماند کەلەمن پیرترەو
منیش ... بەتەماشاکردنا ،
دەمزانی کەلەو گەورەترم !
قەدەرم ... ئەم گوناهانە بژەنە !!
تەماشاکە قەدەرم ... تەماشا
ئەو ... چەندە بچوکە
بۆ ناسینەوەی حەقیقەت ،
لەئاوێنەیا !
ئەو ... چەندە منالە ،
لەگوزەرکردنا و
چەندە ساویلکەیە ،
لەعەشقا !

قەدەرم تەماشاکە ... تەماشا
چۆن من و ئەویان ،
بەسەر بچوك بونەوەی گەردونا دابەشکرد ؟
من و ئەویان ،
چۆن بەسەر دوجەمسەر و
بەسەر بیرچونەوەیا دابەشکرد ؟
دڵم ، بەم دابەشبونە خۆشە !
دڵم ، بەم دورکەوتنەوەیە تەنگە !
ئەو ... کاتێك دابەشبوین ،
ئەیوت :
ئەبێ ببوری لەخۆت !
ببوری لەوەی ،
کەنیوەت لەخۆرئاوادایەو
نیوەکەی تریشت ،
لەخۆرهەلآت !
ئەمێستاکە ،
ئەو ... لەوێیەو
من ... لێرە !
ئەو لەوێیە ،
لەباخچەی پیاوە کۆمۆنیستەکان !
لە پارکی ئەو کچانەی ،
هێندەی بۆنکردنی گوڵێك
هێندەی وەڵامدانەوەی سلآوێك
ئیمانیان بەفێمێنستی دایکیان نەماوە !
ئەو لەوێ ،
دژ بەیاسای گوڵ و
لەڕقی میهرەبانی گیا ،
پە نجەرەکان لەکردنەوە بێبەش ئەکا !
وتار ،
لەسەر ڕوناکی مانگ و

لەسەر چونە قەراغ دەریا ... ئەنوسیٚ !
ئەو ... پیٚ‌ی‌وایە ،
ئەبیٚ ڕیشوٚڵە بیٚبەری بکریٚ ،
لەهەموو ئەو ڕەنگانەی بەسەر شانەکانییەوەیە !
ئەبیٚ سروشت باجی سەوزایی لیٚوەربگیریٚتەوەو
هەتاویش ،
گوناهبار بکریٚ بەڕەنگ !
قەدەرم ... ئەم گوناهانە بژەنە !!
بیژەنە ..،
بیژەنە ... ئەم تاری مەراقە !
بیژەنە ... شمشاڵی ئەم هەموو دابەشبونە !
ئەم سوٚڵوٚی تەنهاییە ... بژەنە !
ئەو ..،
کەدابەشبوین ئەیوت :
عاشقانە ، دەست لەژیان و
عاشقانە ، دەست لەم ئازارانە ... هەڵگرە !
من ... ئەموت :
قەینا ،
بەم تەنهاییەی خوٚم ڕادیٚم !
ئەو ..،
بەرلەدابەشبون ئەیوت :
هەرچی سیٚوی دنیا هەیە ،
بەتریفە ئەیشوٚم !
هەرچی حیکایەتیٚك لەسەر دوٚڕان هەیە ،
بەدروٚ ئەیگیٚڕمەوە !
من ... ئەموت :
دڵم ، بەم هاوسەنگ نەبونەمان ... تەنگە !
ئەو ... مناڵیٚك بو ،
بەبوغزیٚکی گەورەوە دەژیا !
هەمیشە کەبەناو گوڵەکانا ئەڕوٚیشتین ،

هیچی لەهەتاوەکە بۆ نەئەگێڕانەوەو
لقیٚ پیٚکەنینی ،
لەلا جیٚنەئەهیٚشتن ...
هەروەك ئەوەی بیەویٚ بلٚیٚ :
سوپاس !!
تا ئەوبەری ئاوەکە ڕۆیشتین و
دەستیٚکی بەئاوەکەدا نەکرد ،
هەروەك ئەوەی بیەویٚ بلٚیٚ :
مالٚئاوا !!
تنۆك تنۆك خۆمم دایە و
بۆ دوا ئیٚوارە ،
ویستم لەودا بمرم ..!
وەك ..،
کچیٚکی عەیار
وەك ..،
مەعشوقیٚکی میهرەبان
وەك هەرشتیٚ ،
کەناتوانم ... بیلیٚم !!
نەیوت :
بەدوعا .. !!
قەدەرم ...ئەم گوناهانەی بژەنە !!

مانگی ( ٧ – ٩ ) / ٢٠٠٤
– سلیٚمانی –